## پێشمەرگەی كۆن و نۆی كێ یە ... ئازاد عەلی

پێشمەرگە ئەو مرۆڤە بوو لە پێناوی وەدەس هێنانی ئازادی بۆ كەسانی دی ژیانێكی پڕ لە ئازارو ناخۆشی هەڵبژاردبو پێشمەرگە ئەۆ رۆح لە بەرە بو كە رۆحی خۆی بەخت دەكرد لە پێناوی روحەكانی تر پێشمەرگە ئەو شاخە بەرزانە بوو سەری دانانەوان بۆ هێچ كەسێك ئەو بەفرە سپێ یە بوو دەبووە ئاوێكی خاوین ودەچووە ناو رۆبارو كانیەكانەوە ئەو دەنگە بوو كە بێ دەنگ ناكرا ئەو هیوایە بوو هیوای دەبەخشی ئەو سەروەرە بوو شانازی پێوە دەكرا. هەرچەند لەسەر ئەو پێشمەرگانە بوتری یا بنوسری ناتوانین مافی خۆیانیان بدەینی ئەوەی جێگای داخە زۆر لەو دەسەڵاتدارانەی ناوی پێشمەرگەیان زراند لە راپەرێن بە دوواوە پێشمەرگەیان وا لێكرد خەڵكی بەو چاوە پێروزەی جاران تەماشایان نەكەن ئەو قارەمانانە بونە ئەو كەسانەی بوو دابین كردنی ژ`یان ببنە دیلی دەستی دەسەڵات وە چاویش بنوقێنن لە ئاستی هەمۆ گەندەڵیەك واتە ئەو باڵندە ئازادەی شاخ كراوەتە ناو قەفەسی نان بۆ ژیان لە ژێر دەستی خاین و فایلچیەكان. . . . هتد

پێشمەرگەی نۆی ئەو كەسانەن لە دوای راپەرینەوە بە هەمان دڵسۆزی یەوە هاتنە گۆرەپانی خەباتی سیاسی و ئیداری و كۆمەڵایەتی ئەمانە پێشمەرگەی خەباتی سەردەمی نۆیی كوردبوون هەستیان بە ئازادی خۆیان دەكرد بروایان بە پێشكەوتنی نەتەوەكەیان بوو بە عەقڵیەتێكی نۆی وە هاتنە گۆرەپانی خەباتەوە هەر زۆری پێ نەچۆ ئەو رۆح و هەستە پاكەی ئەمانیشیان شكاندەوە بە زۆری بونە داردەستی دەسەڵات و مەسئولەكان وە تۆشی گەندەڵیانیان كرد ئەو گەندەڵیەی ئێستا باس دەكرێت بەرهەمی گەندەڵی دەیان ساڵە كە خەڵكیان پێوە لكاند تا بتوانن بە وراسی حوكمی كورد بكەن پاك و پێسیان تێكەڵ كرد وەك پێشمەرگەو جاش و فایلچی یان تێكەڵ كرد ئەو رۆحەی پێشمەرگەیان مراند پێش شەهید بوونیان